**دووایین دەرگا بۆ داخرا؟!**

**مایەی سەرسوڕمان و پێکەنینە کە (نا) وەڵامی ئەو داوای ئەو پەنابەرانە بێت کە لە شوێنی ژیانیاندا ئاسودەیی و ئاسایش و ئارامی نامۆیەو سەربڕین و تەقینەوەوەو دەنگی تفەنگ دەسەڵاتدارە ،کە لەشوێنی ژیانیاندا پۆلیسەکان (کە بڕیارە پارێزگاری لە خەڵک بکەن!) دەم و چاویان هەڵدەپێچن و ناوێرن خۆیان ئاشکرا بکەن نەبادا شەو تیرۆریستان بچنە سەریان بەڵام قەمە بە دەست و مرۆڤ سەربڕەکان دەم و چاویان هەڵناپێچن و لە بەرامبەر میدیاو پەیامنێرەکاندا هەڕەشەی کوشتن دەکەن !! بە پەنابەرانی ئەم شەڕستانە دەڵێن وولاتەکەتان ئاسایش و ئارامە بگەڕێنەوە!!**

**فەرمانگەی کۆچبەران لە وولاتانی ئەوروپا بە پەنابەرانی ئەفغانی دەڵێن بگەڕێنەوە بۆ ئەفغانستان ئەوە نییە حکومەتە تاریکەکەتان بڕێک ڕۆشن بووەتەوە،بە ئێرانییەکان دەڵێن خاتەمی ئاگری شۆڕشی چاکسازی هەڵکردووە دەتوانن بڕۆنەوە بە ئاسایش بژین و لە بەر کڵپەی ئەو ئاگرەدا بە بێترس خۆتان گەرم بکەنەوە ،بە عێراقییەکان دەڵێن کۆماری ترسی (صدام) ڕووخاو بڕۆنەوە لە سایەی کۆماری دیموکراسی فەلوجەدا بە خوێن دەم و چاوتان بشۆن !! ئەمانە وەڵامە بە ڕوو سادەو لە ناوەڕۆکدا سیاسیەکانی دەوڵەتانی ئەوروپایە بەڕووی پەنابەرانی ئەو وولاتانەی کە شەڵاڵی نائارامییە ، کە شەڕو تیرۆرو سەرکوتی سیاسی لە (بیان ولادە)ی حکومەتەکانیاندا نوسراوەو سەقامگیر کراوە!! بەم وەڵامەش لەملا پەنابەرانێکی زۆرو لەولاش ماڵ و منداڵیان لە چاوەڕوانییەکی درێژدا کە ئەوسەری دیارنییە ڕاگیراون و تووشی چەندین گرێی سایکۆلۆژی و نەخۆشی دەروونی بوون.**

**وولاتی سوید دووایین دەرگابوو بە کراوەیی مابێتەوە بە ڕووی پەنابەراندا بە گشتی و پەنابەرانی کورد بە تایبەتی،لە ساڵی 1998 وە سەرجەمی دەوڵەتەکانی ئەوروپا لە ژێر ئەو بیانووەدا کە کوردستان زۆنێکی ئارامەو هەڕەشەی کوشتن لە سەر دانیشتووانی ئەو زۆنە نییەو کوردەکان دەوڵەتی خۆماڵییان هەیەو.........هتد، لە ژێر ئەم بیانووانەدا وەڵامی (نا) دەدەنەوە بە کەیسی پەنابەری کورد، بەڵام دەوڵەتی سویدی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا هەتا ساڵی 2002 دەرگاکانی ئاوەڵابوو بەڕووی پەنابەرانی کوردستانی عێراقدا،سەرەنجام لە بەرواری 2002/4/11 دا دەوڵەتی سوید بە بڕیارێکی (3 بڕگەیی) سەیر کە لە لایەن حکومەتەوە درابوو نەک لە لایەن فەرمانگەی کۆچبەران(Migration) ئەم دووایین دەرگا ئاوەڵای داخست، دەوڵەتی سوید بەم بڕیارە مۆری (ئارامبوونی کوردستان) ی دالەو ڕاپۆرتەی کە کوردستانی وەک زۆنێکی ئارام پێناسە دەکرد ،ڕاپۆرتێک کە لەکوردستانەوە ئامادە کرابوو نووسرابوو، هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی) ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەیان بینی لە ئامادەکردن و نووسینیداو کوردستانیان وەک فۆتۆ کۆپی ئەوروپاو جوگرافیایەکی ئارام و بە دوور لە هەموو هەڕەشەیەک (تەنانەت هەڕەشەی ئەو کاتی بەعسیش) پێناسە کردو بەمەش بەشدارییان کرد لە خێراتر داخستنی دەرگایەکی ئاوەڵا بە ڕووی پەنابەراندا کە خودی فاکتەرە سیاسیەکان بەرەو داخستنیان دەبرد بەڵام ڕەنگە درەنگتر.**

**بە پێی بڕیارەکەی دەوڵەتی سوید تەنها 3 کەیس شانسی ئەوەی دەبێت مافی پەنابەرێتی وەرگرێت لە سویدا ئەویش:**

**١- کەیسی سیاسی کە خاوەنەکەی بە بەڵگەوە بیسەلمێنێت کە سەر بە گروپێکی سیاسیەو مەترسی کوشتن لە سەر ژیانی بووە .**

**٢- کەیسی ژنانێک کە لەسەر مەسایلی شەرەف و ناموسپەرستی ژیانیان لە مەترسیدا بووە، دیسانەوە بە بەڵگەوە .**

**٣- کەیسی مناڵ و مێرمنداڵ و مەسایلە مرۆییە بێچارەسەرەکان وەک نەخۆشییە کوشندەکان و کەمئەندامی .**

**بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بڕیارەکەی 2002/4/11 بە غەیرە ڕەسمی ئەم 3 کەیسەی سەرەوەشی خستە ژێر سێبەری خۆیەوەو دوایین کلیلی دا لە دوایین دەرگا! تەنانەت کەیسی ئەو پەنابەرە عەرەبانەش کە پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئومێدێک هەبوو بۆ وەرگرتنیان لە سێبەری ئەو بڕیارەدا زەردبوو ، بە مانایەکی تر بڕیارێک کە لە سەرەتاوە تایبەت بوو بە کورد ،لە دوای 2004/3/9 وە گشتی کرایەوە بە سەر هەموو پەنابەرێکی عێراقیدا**

**<u>فاکتەرە سیاسیەکانی پشتی بڕیاری نەدانی مافی پەنابەرێتی:</u>**

**بۆ دەستنیشان کردنی فاکتەرە سیاسیەکانی ئەم دەرگا داخستنە بە ڕووی پەنابەراندا پێویستە بڕێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە ،بە دیاریکراوی بۆ 70-80 ساڵی ڕابردوو ،بۆ سەردەمێک کە بە دابەشبوونی دونیا بە سەر هەردوو بلۆکی (شەرق بە ڕابەرایەتی سۆڤیەت و غەرب بە ڕابەرایەتی ئەمریکا) ناسرابوو ،پێم وایە هەر قسەو باسێکی سیاسی و ئابووریش ،کاریگەرییەکانی ئەو مێژووە لە بەر چاو نەگرێت ،ناکامڵ دەبێت و کورت دێنێت.**

**بە بڕوای من وەک چۆن تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمی لە هیرۆشیما تا ئێستاش (دوای 60 ساڵ) کاریگەری هەیە لە سەر تەندروستی مناڵێک کە ئێستا لەو جوگرافیایەدا لە دایک دەبێت ،هەرەس هێنان و کۆتایی هاتنی کێشمەکێشی ناسراو بە (دونیای دوو قوتبی و جەنگی سارد) بە هەمان شێوە هەتا 60 ساڵیتر کاریگەری خۆی دادەنێت لە سەر ڕووداوە سیاسی و ئابوورییەکانی دونیای لەمەودوا!**

**لەو ڕەوەندە سیاسی و مێژووییەدا بوو کە مافی پەنابەرێتی وەک سادەترین و سەرەتاییترین مافی مرۆڤ سەپێنرا بە سەر سەرمایەداری و حکومەتەکانیدا،سەپاندنی مافی پەنابەرێتی بەرهەمی خەبات و تێکۆشان و فشاری بزوتنەوەی ئازادیخوازی و چەپ و کۆمۆنیستی بوو لەو مێژووەدا ، بزوتنەوەی ئازادیخوازی وەک بزوتنەوەیەکی خاوەن فشار وسەرەکی لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا لەو مێژووە دیاریکراوەداو لە**

**پرۆسەیەکی خەباتکارانەدا سەرمایەداری و حکومەتەکانی ناچارکردبوو بە ملدان بە زۆرێک لە مافە سەرەتایی و مەدەنی وسیاسی و ئابوورییەکانی خەڵک ، کۆمۆنیستەکان و چەپەکان دەوری ڕابەرییان هەبوو لەو خەباتەدا،بە مانایەکی تر مافی پەنابەرێتی بەرهەمی پرۆسەیەکی خەباتکارانەیە و لە بڕگەیەکی مێژووییدا بووە کە سەرمایەداری لە ژێر فشاردا بووە.**

**بەڵام دەیەی 90 دەیەی هەرەسهێنانی بلۆکی (بەناو سوسیالیستی)سۆڤیەت بوو ،دەیەی ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی سەرمایەداری بازاڕی ئازاد ،هاوسەنگی هێزەکان گۆڕا ،جێگاو ڕێگای بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی جێگۆڕکێ پێکرد لە کێشمەکێشدا، بورژوازی لە چینێکی هێرش بۆکراوەوە گۆڕی بۆ چینێکی هێرشبەر ، سەرمایەداری وەک نیزامێکی ئابووری/سیاسی کە جاران لە ژێر فشاری بزوتنەوە سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا بوو ئێستا هێرش دەکاتە سەر ئەو بزوتنەوانەو لەم جەنگەیدا پشت بەو بزوتنەوانە دەبەستێت کە بووبوون بە بەشێک لە مێژوو تەنها لە تاقیگاکانی لێکۆڵینەوەدا دەست ئەکەوتن وەک ڕاسیزم و ..... .**

**یەکەم هێرشی سەرمایەداری بۆ <u>وەرگرتنەوەی</u> ئەو دەسکەوتانەیە کە لە 60/50 ساڵی ڕابردوودا بە زۆر سەپێنرابوو بە سەریدا وەک (مافی پەنابەرێتی ،بیمە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان و.........هتد)، بە کۆتایی هاتنی ململانێ و کێشمەکێشی (دونیای دوو قوتبی)و پاشەکشەی چەپ و کۆمۆنیزم ئیتر لەمپەرەکانی بەردەمی سەرمایەداری لاچووەو مەیدان چۆڵبووە تا ئەو مافانە وەرگرێتەوە لە خەڵک، جێگەی بڕوا پێکردن نەبوو ئەگەر لە پێش نەوەدەکان بووترایە کرێکارێک لە سویدا لە سەر خاوبوونەوە لە کاردا دەرکراوە بەڵام ئەمڕۆ مافێکی یاسایی کارگە و خاوەنکارە کەکرێکارێک لە ژێر ئەو بیانووەدا دەربکات(دیارە ئەمەیان باسێکی درێژترەو نامەوێت لێرەدا لە سەری بدوێم) .**

**لەو ڕەوەندە سیاسی و مێژووییەدا کە لەسەرەوە باسم کردو (کۆمۆنیزم و چەپی کۆمەڵگا هێزی کاریگەر بوون تیایدا) پەنابەرێتی وەک مافێکی سادەی ئینسان بەرجەستەبوو ، وە لەم ڕەوەندە تازەشدا (کە سەرمایەداری بە بێ لەمپەری چەپ و کۆمۆنیزم هێرش دەکاتە سەر هەموو ڕوویەکی گەشی کۆمەڵگا) دەرگاکان دادەخرێن بە ڕووی پەنابەراندا ،تەنیا ئومێدیش بۆ پارێزگاری کردن لەم مافە سەرەتاییەو سەرجەم مافەکانی تری ئینسان ،لەمەودوا گرێی خواردووە بە ڕادەی وەستانەوەو پێشگرتن بە هێرشی سەرمایەداری جیهانی ،لەم خەباتەشدا تەنیا نین .**

**گۆران عەلی**
2005/3/3
goranmad@hotmail.com